## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

ژمارە (٢١) ساڵی ٢٠١١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠) یاسای (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە ، و دوای ئەو پێناسەیەی پەرلەمانی کوردستان_عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٥)ی ڕۆژی ٢٠١١/٦/١٤ کردوویەتی بۆ دەستەواژەی (جەندەر) کە لە بڕگەی (دەیەم)ی ماددەی (دووەم)ی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستاندا هاتبوو کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١٤) لە ٢٠١٠/١١/١٠ بڕیاری لەسەر دابوو و ئێمە بە بڕیاری ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠١٠ لە ٢٠١٠/١٢/٢١ گەڕاندبومانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرکردنی :

## یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠

## یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان_عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی دادێن ، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم :** هەرێم: هەرێمی کوردستان_عێراق.

**دووەم :** وەزارەت: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێمدا.

**سێیەم :** وەزیر: وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێمدا.

**چوارەم :** لاوان: ئەو توێژەی کە تەمەنیان لە نێوانی (١٤) ساڵ تا (٣٤) ساڵە.

## ئەرك و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم :**

وەزارەت بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرك و ئامانجانەی دادێن دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم :** بایەخدان بەبنیات نانی ژێرخانی پێویست بۆ پەرەپێدانی بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزش و قاڵ کردنەوەی تواناکانی لاوان لە هەرێمدا.

**دووەم :** بلاوكردنەوە و پەرەپێدانی كولتووری كوردستان بەو جۆرەی رەسەنایەتی و پاراستنی كەلەپوور پتەودەكات و ، گەشە بە نەریتی مەدەنی و پێشكەوتنخواز لە بواری چالاكیی كولتووری و هونەری و وەرزشی و لاوان دەدات و، رێز گرتن لە فرەیی هزری كولتووری و نەتەوەیی و بایەخدان بە زمانی كوردی و زمانی نەتەوەكانی دیكەی هەرێم و، بەو جۆرەی پشتگیری لە رۆحی ولاتایەتی(هاوولاتی بوونی) كوردستانی وكرانەوە بەرەو چاوگەكانی كولتووری جیهانی دەكات

**سێیەم :** پەرەپێدانی پەیوەندی كولتووری و وەرزشی و چالاكیی لاوان لەگەل كوردستانیانی ولاتانی دراوسێ و جیهان و ناوچەكانی دیكەی عێراقی فیدرال و گەلانی ناوچەكە و جیهان .

**چوارەم :** پشتیوانی كردن و هاندانی بزاڤی دانان و وەرگێڕان و بلاوكردنەوە و ، رێزنان لە نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و رۆژنامەنووس و داهێنەران ، لە رێی دەست گیرۆیی كردنی چالاكییەكانیان و چاپ كردنی بەرهەمی جۆربەجۆریان بە گوێرەی پرەنسیپی تایبەت لەگەل پاراستنی مافی بەدەست هاتوویان .

**پێنجەم :** هەماهەنگی كردن لەگەل وەزارەت و لایەنانی پەیوەندیدار و رێكخراوەكانی كۆمەلگای مەدەنی لە هەرێمدا ، بەو جۆرەی پێداویستەكانی پەرەپێدانی مرۆیی و بلاكردنەوەی كولتووری كاری هاوبەش و خۆبەخشانە لە نێو كۆمەلدا بەجێ دەگەیەنێت .

**شەشەم :** دارشتنی پلانی پێویست بۆپشتگیری كردنی بزاڤی وەرزشی و چالاكی لاوان و هاندان و چاودێری كردن و رێز گرتنی وەرزشوانان ، لەرێی هەماهەنگی كردن لەگەل لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان بە ئامانجی پەرەپێدانی واقیعی بزاڤی وەرزش لە هەرێمدا .

**حەوتەم :** دامەزراندنی كتێبخانەی نیشتیمانی و ناوەند (سەنتەر)ی بەلگەداری و ئەرشیفكاریی كوردستان و، بایەخدان بە كتێبخانەی گشتی و چالاكییەكانی پەیوەندیدار بە بوارەكانی رۆشنبیری مندال و هونەری شێوەكاری و سینەما و شانۆ و مووزیك و فۆلكلۆر و كولتووری میللی و دروست كردنی مافوور و ، پیشەسازیی میللیی دەست و دابین كردنی هۆل بۆ هونەری شێوەكاری ، بۆ نمایشی شانۆیی و سینەمایی هاوچەرخ و كردنەوەی پیشانگای كتێب .

**هەشتەم :** سازكردنی فیستیڤال و كۆڕ و وۆرك شۆپی رۆشنبیری وهونەری وەرزشی و چالاكیی وەرزشی تایبەت بە لاوان و هاندان و پشتیوانی كردنی چالاكی و جموجۆلی رێكخراوەكانی كۆمەلگای مەدەنیی تایبەت بەم بوارانە .

**نۆیەم :** هەماهەنگی كردن لەگەل لایەنانی پەیوەندیدار ، سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە كاری ئاژانسەكانی هەوال و دەركردنی رۆژنامە و گۆڤار و پەخشی ئێزگە و تەلەفزیۆن،بە ئامانجی گەیاندنی سیاسەتی حكوومەتی هەرێمی كوردستان ، هێندەی پەیوەستە بە بوار و جموجۆلی رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و میدیایی و یەكێتییەكان و تیپەكانی هونەر و یانە ئەهلییەكانی وەرزش و هۆلەكان و قوتابخانە و پەیمانگاكانی وەرزش و هونەر و یاریگاكانەوە .

**دەیەم :** بایەخدانی تایبەت بە بوارەكانی كولتوور و هونەر و وەرزشی ژنانە و ، كاركردن لە پێناو بلاوكردنەوەی كولتووری جۆری كۆمەلایەتی جەندەر (بەمانای تێروانینی یەكسان بۆ تاكەكان بەپێی شارەزایی و لێهاتوویی پسپۆریی دوور لەجیاكاری و رەگەزی و پێگەی كۆمەلایەتیان) .

**یازدەم :** بەشداری کردن لەگەڵ وەزارەتانی پەیوەندیدار بۆ دارشتنی سیاسەتێکی نیشتیمانیی کوردستانی ، بۆ کارا کردنی بەشدار بوونی لاوان لە کاروباری گشتی و ناوەندەکانی بڕیار و کار کردن لە پێناو چارەسەرکردنی گرفتەکانی لاوان و شیاندنیان لەرێی بەشداری کردن لە پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی وئابووری کۆمەڵایەتیدا.

**دوازدەم :** پشتیوانی کردن و بایەخدان بەلاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کار کردن بۆ بەرز کردنەوەی وزە و توانایان لە بواری هەمەجۆردا .

**سێزدەم :** هۆشیار کردنەوە بە زیانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە کۆمەڵگادا و قەدەغە کردنی بەکارهێنانی ماددەی چالاکی بەخش و یاساغ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە بواری وەرزش .

**چواردەم :** هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری چالاکیی رۆشنبیری و هونەری و وەرزش و لاوان بە گوێرەی یاسا.

**پازدەم :** بایەخدان بە کولتووری کوردی لە پاشکۆکانی کولتووری لە باڵیوزخانە و کونسوڵخانەکانی عێراق و، هەروەها نوسینگە و نوێنەرایەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کودرستان لە دەرەوە .

**ماددەی سێیەم :**

وەزارەت بریتییە لەم پێکاهاتانەی دادێن :

**یەکەم :** وەزیر : ئەو سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ئاراستە کردنی کارو سیاسەتەکەی و ،سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی چالاکییەکانی و، لە هەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییەکی بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەوەوە دەردەچن و بە سەرپەرشتیی ئەویش جێبەجێ دەکرێن ، بەرپرسە ، لەهەموو ئەوانەی پەیوەندی بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکان و دەسەڵاتەکانی و تێکرای کاروباری تەکنیکی و دارایی و ئابووری و کارگێری و رێکخستنەوە هەیە ، بەوەی ئەندامێکی هاوکاریەتی بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرس دەبێت ، بۆشی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتی خۆی بداتە هەر کام لە دوو بریکارەکەی وەزارەت ، یان بەڕێوەبەرانی گشتی ، یان کەسێك کە لە وەزارەتدا بە گونجاوی دەزانێت .

**دووەم :** نوسینگەی وەزیر : فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر ، بەڕێوەی دەبات ، بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێناوە و ، چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەی دەکەن .

**سێیەم :** بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری رۆشنبیری و هونەر : یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروباری لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی لەلایەن وەزیرەوە پێی دەسپێردرێت، بەمەرجێك بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی پسپۆریی زانکۆی بەدەست هێنا بێت و لەوانەی خاوەن شارەزایی و کردن(ممارسە) بێت .

**چوارەم :** بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری وەرزش و لاوان : یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروباری لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی لەلایەن وەزیرەوە پێی دەسپێردرێت ، بە مەرجێك بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی پسپۆریی زانکۆی بەدەست هێنابێت و لەوانەی خاوەن شارەزایی و کردن (ممارسە) بێت .

**پێنجەم :** نوسینگەی هەردوو بریکاری وەزارەت : فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر ، بەڕێوەی دەبات ، بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێناوە و، چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەی دەکەن .

**شەشەم :** راوێژكاران : ژمارەیان لە چوار زیاتر نابێت بە مەرجێك بەلای كەمەوە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی پسپۆری زانكۆ بن و ، لەوانەی خاوەن شارەزایی و كردن(ممارسە)ن و، لە لایەن وەزیریشەوە پسپۆڕاتییەكەیان دیاری دەكرێت

**حەوتەم :** بەڕێوەبەراتییە گشتییەكان : وەزارەت لەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانەی دادێن پێك دێت ، هەر یەكەشیان بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات ، كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی بەدەست هێناوە و لەوانەی خاوەن شارەزایی وكردن (ممارسە)ن :

١. بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان .
٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەی گشتی .
٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاو كردنەوە .
٤. بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری وەرزش .
٥. بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری لاوان .
٦. بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری رۆشنبیری و هونەری توركمان .
٧. بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری رۆشنبیری و هونەری سریان .
٨. بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوان لە پارێزگاكانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان .

**ماددەی چوارەم :** وەزارەت ئەنجومەنێكی راوێژی هەیە و پێك دێت لە :

**یەكەم :** وەزیر - سەرۆك

**دووەم :** هەردوو بریكاری وەزارەت - ئەندام ، لە حاڵەتی ئامادە نەبوونی وەزیر ، بریكاری دێرینی وەزارەت سەرۆكایەتیی ئەنجومەنەكە دەكات .

**سێیەم :** راوێژكاران — ئەندام .

**چوارەم :** بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت — ئەندام .

**پێنجەم :** هەرشارەزا یان پسپۆرێك كە وەزیر لە ناوخۆی وەزارەت یان دەرەوەی هەڵیدەبژێرێت ، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت

**ماددەی پێنجەم :**

**یەكەم :** بەپەیڕەوێك ئەرك و پسپۆڕایەتیی پێكهاتەكانی وەزارەت دیاری دەكرێن .

**دووەم :** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبەكانی وەزارەت لە نوێ بكاتەوە یان تێكەڵ بكات یان ئیلغا بكات ، ئەویش لە كاتی پێویست و بە ئامانجی پەرەپێدانی كاری وەزارەت.

**سێیەم :** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات .

**ماددەی شەشەم :**

وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسانی ئاسایی و مەعنەوی ، لەوانەی خاوەن شارەزاین و پسپۆریی لە ناوخۆی هەرێم بكات ، بۆ بە جێ گەیاندنی ئەو كارو ئەركانەی پێی دەسپێردرێت و بۆ ئەو ماوەیەی بە گونجاوی دەبینێت و ، ئەویش بە مەبەستی بەجێ گەیاندنی ئامانجەكانی وەزارەت و،بەدەست هێنانی رەزامەندیی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر گرێبەست كردنەكە لەگەڵ كەسانی دەرەوەی هەرێمدا بوو.

**ماددەی حەوتەم :**

**یەكەم :** یاسای وەزارەتی رۆشنیری ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ و ، یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، ئیلغا دەكرێن .

**دووەم:** هەموو موڵك و هەبوو و میلاكی كارمەندانی هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و ، وەرزش و لاوان دێتە ئەستۆی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانەوە .

**ماددەی هەشتەم :**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆكە .

**ماددەی نۆیەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار ، حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی دەیەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی كوردستان)دا جێبەجێ دەكرێت .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**هـــــەولـــێر :**

٣١/تەمووز/٢٠١١ی زایینی

٩/خەرمانان/٢٧١١ی كوردی

٢٠/شەعبان/١٤٣٢ی كۆچی

## هۆیەكانی دەرچوونی

لەبەر لە نوێ كردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە پاش تێكەڵ كردنی هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و، وەرزش و لاوان لە یەك وەزارەتدا و،بۆ ئەوەی پێكهاتە و ئامانج و ئەركەكانی دیاری بكرێن ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.